کەمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕاگەیەنراوێك لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بڵاو دەکاتەوە

کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕاگەیەنراوەکی لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بڵاوکردۆتەوە و تێیدا وادەی خەتەمارکردنی بەووی لیست و هاوپەیمانێتییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کردۆتەوە.

بەپێی ڕاگەیانراوەکی کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕۆژی 5ی ئادار دەرگەی خەتەمارکردن دەکرێتەوە تاکو ئێوارەی ڕۆژی 14ی ئاداری داهاتوو بەردەوام دەبێت و لەم ماوەیدا سەرجەم لایەنەکان لە هەرێمی کوردستان دەتوانن خۆیان تۆمار بکەن.

کەمیسیۆن ئاماژەی بۆش دا کە خەتەمارکردنەکە لە فەرمانگەی کاروباری پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە بەغدا یاخود نووسینگەی هەڵبژاردن لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەبێت.

جەختیشی کردۆتەوە کە لایەنە سیاسییەکان دەتوانن لەو ماوەیدا لیست و هاوپەیمانێتییەکانیان تۆمار بکەن و بەهیچ شێوەیەکیش ئەو وادەیە درێژ ناکرێتەوە.

ئەم لێکاتکدایە کە سەرکایەتی هەرێمی کوردستان ئەم یەکشەم بەفەرمی وادەی بوونچوونی هەبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی دیاری کرد.